هەرێمی کوردستان/ عێراق | إقليم كوردستان/ العراق
ئەنجومەنی وەزیران | مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٢٥) لە ٢٠١٩/٩/١٨

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧) لە ٢٠١٩/٩/١٨، بڕیاردرا بە:

١. پێکهێنانی (لیژنەی کاروباری یاسایی) لە ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا (وەزیری داد) و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژی دەستووریی و یاسایی پێویست بە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو بابەتانەی لە چوارچێوەی کارنامەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەخرێنەڕوو، و پێداچوونەوەی کۆتایی ئەو ڕەشنووسی یاسا و پەیڕەوانەی لەلایەن وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لە چوارچێوەی پلانی تەشریعیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکرێن یان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن پێش گفتوگۆ و بڕیاردانی کۆتایی لە ئەنجومەنی وەزیران:

| | | |
|---|---|---|
| أ | د. ڤاڵا فەرید ئیبراهیم | وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان |
| ب | خالد سەلام شوانی | وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی دۆسێی دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی |
| ج | د. ئامانج ڕەحیم ئەحمەد | سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران |
| د | د. ئومێد سەباح عوسمان | سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران |

٢. بۆ ئەو ڕەشنووسی یاسا و پەیڕەوانەی کە پابەندی داراییان هەیە، پێویستە (لیژنەی کاروباری یاسایی) ڕای وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگرێت و هەماهەنگیی تەواو بکات لەگەڵ ئەو وەزارەتە و لە پێش بڕیاردانی کۆتایی ئامادەکاریی لایەنی پابەندیی دارایی ڕەشنووسەکە یەکلایی بکرێتەوە بە ڕەچاوکردنی بودجە و داهاتی هەرێمی کوردستان.

٣. ئەو بەڕێزانەی ناویان لە برگەی (١)ی سەرەوەدا هاتووە ئەندامی هەمیشەیی لیژنەکەن، و بەپێی تایبەتمەندیی پڕۆژە یاسا و پەیڕەوەکان، وەزیر یان سەرۆکی دەستە و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت یان نوێنەرەکانیان پەیوەندیدار بە ڕەشنووسەکان دەتوانن ئامادەی کۆبوونەوەکان بن لەسەر بانگهێشتی لیژنەکە.

٤. (لیژنەی کاروباری یاسایی) هەماهەنگی لەگەڵ (ئەنجومەنی شووراى هەرێم) دەکات لەبەر ڕۆشنایی یاسای ئەنجومەنەکە ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.

٥. (لیژنەی کاروباری یاسایی) مافی بانگهێشتکردنی هەر کەس و لایەنێکی دیکەی هەیە بۆ کۆبوونەوەکانی بەپێی پێویستی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی.

٦. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران